# بەهەشـــتی زیـــندان. ! !

# شارستان.. !

لە سـویدەوە، شـێرزاد هەیـنی، دەینوسێت.
heinisherzad@hotmail.com

کە منداڵبووم، دەیانووت، فلاَن چووتە شاری و ژنێکی (شارستانی) هێناوە، واتە ژنەکەی لەشار دەژیت، کورت لەبەردەکات، قژی دەبڕیت و.. . . .

. کەم و زۆر چووتە مەکتەب و خوێندەواری هەیە، شارەزایە لە دروستکردنی خواردنی نوێ، مکیاژدەکات و خۆی دەرازێنێتەوە، ئەوەی ئەو دەیزانیّ لەلای ئەوانی تر تازەبوو. .

ئەوەی کەمیّ بژێوی ژیانی باشتربوایە، پارەی هاتبایە دەستی، بۆ خانووەکەی هەیوانی بەرین و ڕووناکی لەپێشدا قیتدەکردەوە، دەیانووت خانووێکی (شارستانی) کردووە. بەخانووی شاری تازەو ڕووناکیان دەووت، شارستان. !!

شارستانی و شارستانیەت و مەدەنیەتی ئیمڕۆ لەلای ئێمە کۆنەو لەمێژە ناوی هاتووەو ناسراوە. . بەلاَم شارستانی ئیمڕۆ بەرگ و هەنگاوو بەرنامەی تری هەیە. . سەردەمی ئیمڕۆ، بازاڕو سیاسەتی ئیمڕۆ بەجۆرێکی تر یان زۆرتری لە شارستانی دەوێت. شارستانی زۆرترە، لە قژبڕین، لە خانووی بەهەیوان و گەڕان لەدوو سیّ ولاَتی دوورو نزیك، شارستانی لەوانە زۆر زۆرترە. . !!

لە کۆمەلی شارستانا، منالّ و مێردمنالّی لەژێر تەمەنی شازدەو حەڤدە ساڵیدا کارناکەن، چەك هەڵناگرن و لەمەکتەب دەرناهێندرێن. . .

لە کۆمەلی مەدەنی ئیمڕۆدا نەخوێندەواری باوی نەماوەو. . .

لە ولاتی شارستانا، مووچەی سەرۆك و سکرتێری حزب دیارەو ڕۆژنامەگەری ئازادو قەلەمی ئاسایی سۆراخیان دەکات. لەو ڕۆژانەدا سەرۆك وەزیرانی ئەم ولاتە بە سویدا لە فرۆکەی حکومەت بۆ باکووری دووری ولاتەکەیان فرییبوو، لەو سەفەرەدا بێجگە لە کارە ڕەسمیەکەی کاری حزبیشی کردبوو، لەسەر ئەوە چەند ڕۆژبوو، ڕۆژنامەو تلەفزیۆنەکانا باسیان دەکردو گلەییان هەبوو. . !! پارەو کریّ فرۆکەکەیان بۆی دەخەملاند، زۆر زۆریان بۆ حیساب کردبوو. . !!

لەولاتی شارستانا، هەموو ژنی ئاوس زوو دەتوانیّ بزانیّ کوری لەسکە یان کچ. !! بەلاَم کەم و بەدەگمەن دەپرسن، کوری دەبێت یان کچ. . !!

کەس بیر لەو ناکاتەوە. . کەس ئەو دوو ڕەگەزە بەچاوی ترو پیرۆزتر سەیر ناکەن. . !!

شارستان و مەدەنیەت هەنگاوی زۆری دەوێت، کاری بوێرانەو زانستیانەی دەوێت. . مەدەنیەت و کۆمەلی شارستان فرەڕەنگەو چوارچیوەو گۆشەی زۆرە، لە کۆمەلی مەدەنی ئاژەلی کێوی و مالّی و درەخت و دارستان وەك خۆیان خزمەتی دەکەن، لەو ڕۆژانەدا دوو سیّ گورگ لەو هەزارەها دارستانە چراٍنەی ئەم ولاتە بریندارکرابوون، گەورەترین کێشەبوو، هاواریان لێهەستابوو، چونکە لەو چەند مانگەدا ژمارەی گورگەکان کەمبۆتەوە، ژمارەیان بەهەزار بەرنامەو چاودێری کراوە بە هەشتا گورگ، چۆن دەبیّ کەمبێتەوە. . !!

ڕۆژێکیان کابرایەك ویستی وشەی سێوی کێوی، یان ڕاستر بلێم وشەی کێوی بۆ ڕاڤەدەکردم، دەیویست فێرم بکات، منیش لەسەرخۆ وتم ڕەنگە مانای وەحشی بگەیێنیّ، وەك ئاژەلی وەحشی، ئەگەرچی ئەوان کەم ڕەخنەدەگرن و دێنە وەلاَم، بەلاَم لەوە زوو هاتە وەلاَم وتی. . نا !! ئاژەل وەحشی نیە. . !!؟؟ ئێمە حەیوان بە وەحشی نازانین، ئەوە جاران بووە. . هەموو شتەکان گۆڕاوە. . !!

میللەتی شارستان، شاری شارستان، خێزانی شارستان، خوێندنی شارستان، بازارو کڕین و فرۆشتنی شارستان، دلّداری و مارەبیی و جودابوونەوەی شارستان، دینداری شارستان، ولاتپەرستی و ئینتیمای شارستان، سیاسەت و سیاسەتکردنی مەدەنی و شارستان بێدەنگ و بە هێمنی و لەسەرخۆ دێتە ئاراوەو لەدایك دەبێت، چرۆ و گولّ دەکات و بۆن و بەرامەکەی پەخش دەبێت، هەمووش بەیەکەوە بەنازەوە لە تەنیشتی گوزەردەکەن، شانازی پێوەدەکەن، دەستەکان هزرەکان، لەهەموو بوارو شوێنێدا کاری بەبەرنامەی بۆ دەسازێنن. . نەك بە نوسین و باسکردن و بەســس. . !!!!